
# دەسەڵات وبنەماكانی بێئاگایی

**هۆشیاری عەبدولعەزیز**
hoshyarebdelazi@yahoo.com



یەكێك لەپایەگرنگەكانی سیستەمی دیموكراسی و بەهێز بوونی بنەماكانی لەنێو پێكهاتە گشتیەكانی كۆمەڵگادا ئەوەیە كە چۆن ولە چی ڕێگەیەكەوە دووجەمسەری دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆن بە مانا گشتیەكەی كە هاوبەش دەبێتەوە لە گەڵ خەڵك بسەلمێنرێ.چونكە وەك دەوترێ دوو جەمسەری یان ڕاستر فرە جەمسەری لە كۆمەڵگادا بۆخۆی دەبێتە هۆكاری كۆنكرێتی لە پاراستنی پەیكەری ژیانی سیاسی وكۆمەڵایەتی وئامرازەكانی حكومەتكردن وهاوكات دەبێتە ڕێگر لە بەردەم ڕەهەندەكانی پاوەن خوازی و كۆنترۆڵكاری لە دەسەڵاتدا و ناتوانرێ پانتاییەك لە ستەم كاری و پوكانەوەی حیكمەتی سیاسەت كردن بخولقێنرێ كە بەرجەستەبوونی لەهەر كۆمەڵگەیەكدا مەترسی دارەو ناجۆرە بەواقیعی گشتی تاكەكان،هەربۆیەش دەبینین لە زۆربەی زۆری وولاّتانی خۆرئاوا وئەوانەی بانگەشەی دیموكراسیەت دەكەن ئەم فرە جەمسەریە مۆدێلێكی گرنگ و پڕبایەخەو بەشێوەیەكی بابەتیانە كار لەسەر پایەكانی ئەو مۆدێلە دەكرێ و ڕێگر نییە لەبەردەم پرۆسەكانی دەسەڵاتدا كە زۆرجار ئێمە مەتریسیمان لێیەتی. تەنانەت لەو وولاّتانە پێش هاتنە سەر كورسی دەسەڵاتیش بەشێوەیەك لەشێوەكان و بەتایبەت لە چاودێری كردنی دەسەڵاتدا ، بۆخۆی دەسەڵاتدارە و ڕێگرە لەبەردەم جێ بەجێ كردنی ئەو پرۆسە مەترسی دارانەی كە ئایندەی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری ئەوووڵاتەی پێوە بەستراوە و دەست لێدانی ڕەوشێكی ناسەقامگیر بەرهەم دێنێ بەلاّم بەپێچەوانەی ئەم مۆدێلەوە مەسەلەكانی حكومەتكردن ودەسەڵاتدارێتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژدەبێتە كۆمەڵە مەسەلەیەكی لاوەكی و وادەكات شەپۆلێك لەنائومێدی لەناو جەستەی زۆرینەی هاوڵاتیانی ئەم مەملەكەتە بێخاوەنەدا دروست بێت لە بەرانبەریشدا كەس خۆی بە خاوەنی نەكات , چونكە لەوبەركەوتە ڕۆژانەیەوە كە خەڵكی هەستی پێ دەكات كە ئەو سیستەمەی پێویستە ژیانی ڕێكخات بەردەوام دەیخاتە نێو ئەو دۆخە ناهەموارەوە كە لە ئێستای ئێمەدا بوەتەچارەنووس و وەك پرۆسەیەك كاری پێدەكرێ , لە بەرامبەریشدا و بەبێ ڕەچاووكردنی ئەو بارودۆخە ناهەموارە تاكی ئێمە لە نێو ئەو دونیا خراپ و پڕ لە ئیشكالیەتەدا دا هەست بە نامۆبوونی خودی خۆی دەكات و وایلێهاتوە سترۆكتۆری سێستەمی دەسەلاّت و ئەوانەی كارەكتەری بەڕێوەبردنین بە نابەرپرس وغەیرە بناسرێن و دانیان پێدا نەنرێ ئەمەش بۆ كۆمەڵگای ئێمە حاڵەتێكی خراپەو ڕەنگە دواجار ببێتە هۆكاری پەشێوی وناسەقامگیری ، چونكە تێكشكانی تێڕوانین و بیركردنەوە لە خۆڕزگاركردن ئافات و لێكدانەوەی خراپ لە خۆیدا بەرهەم دەهێنێ و حاڵەتی نائاسایی بەرجەستە دەكات ، لەمەوەیە كە ڕووداوەكانی سێستەمی دەسەلاّت لە كوردستان بەردەوام پێمان دەڵێن ,توێ تاكی ئەم كۆمەڵگایە ناتوانێت لەم ولاّتەدا نەك ئایندەی نەزانراوت بكەیتە پرنسیپی تێگەیشتن وخوێندنەوەت بۆ شێوازی حكومەتكردن, بەڵكو دەبێ بەردەوام تۆ هەڵگری گێرمە وكێشەو نەهامەتیەكان بیت و قسە لە چارەسەر نەكەیت، ئەمەیە گرفتەكە كە مرۆڤ لە ژینگەیەكی جیاواز بە واقعی خۆی تووشی جۆرێك لە نامۆبوون بێ ولە بەرانبەریشدا ڕێگەی نەدرێ كار لە سەر چارە سەرو دۆزینەوەی توخمەم ورەگەزەكانی چارە سەر بكاتەوە , ئەمە سەرەڕای ئەوەی سیستەمی دەسەلاّت وەك ئاماژەم پێدا لە زۆرینەی وولاّتانی دونیادا جگە لە كۆمەڵگای ئێمە وانەخشەی بۆكێشراوە كە ئازادیەكانی تاكی تیاپارێزراوبێ و هاوكات بەشداریش بێت لە بونیادنان ودروستكردنەوەی كۆمەڵگادا , بەلاّم دیسان دەیژم ئەوەی لێرە مومارەسە دەكرێ دەقاو دەق پێچەوانەی پرنسیبەكانی سێستەمی دیموكراسیە و لە گەڵ هیچ یاسایەكدا نایەتەوە كە دەسەلاّتدارانی ئێمە بانگەشەی بۆدەكەن ، چونكە نەبوە حكومەتێك دوای چەندین ساڵ لە بیستنی قسەو رەخنە كاراكتەری گەندەڵی سیاسی بە شێوازێك لە شێوازەكان لە جێگەی خۆی بێڵێتەوەو كاریان لە سەر بكات ، بە مەرجێك باشیش دەزانن ئەو پرۆسەی گەندەڵیە چەند كاریگەری خراپی جێهێشتووە لە سەر پنت و بنەماكانی دەسەلات ئەو لایەنە سیاسیانەی كە بە پلەی یەكەم دێن لە حكومەتكردندا ، سەیرە هێندە گەندەڵی ئیداری و ئەخلاقی پەرەی گرتوە چانسێك نەهێڵراوەتەوە بۆ ئەوەی تاكی ئێمە ئاشنای مافە

سەرەتایەکانی خۆیی بێت و بشزانێ ئەرکی چی یە لەم کۆمەڵگایەدا , ئەگەر چی ئەمە خواستی خەڵك نیەو پێچەوانە دەسەڵاتێك کە بە حیساب ژیانی خەڵك ڕێکدەخات وخزمەتی دەکات وایراهێناوەو ناچاری کردوە وابیربکاتەوە کە جگە لە کاراکتەری گەندەڵی هیچ شتێکی ترنیە لەنێو دەسەڵات و شێوازی حکومەتکردندا و تەنانەت زۆر شتیان بە نامۆ زانیوە بۆ هاوڵاتیان , چونکە وەزیرێکی ماڵ لە هەندەران چۆن بزانێ خەڵك کێشە وگرفتی هەیە ئەگەر ڕۆژێك خێزانەکەی یان منداڵێکی لێی نەپرسێ ئەرێ چۆن خەڵکی بە کرێکاری و دەست فرۆشی دەژێ ؟ چۆن تێبگات کامەیە پرۆسەی خزمەتگوزاری ئاسایی کردنەوەی سەقامگیری ژیان , ئاخر ئەوی قاڵبووی ژیانی نێو پاتۆنەکانی بازرگانی بێت لە ئیستادا چۆن بزانێ گەندەڵی ژیانی خەڵکی هەراسان کردوە ورۆژانە کێشەو گرفتەکان لە پەرەگرتندان بەلاّم کاراکتەرە کانی نێوو پرۆسەی گەندەڵی و روتاندنەوەی بازاڕ خۆی لەم مەسەلە هەستیارە کەڕ کردووەو نایەوێ گوێی لێبێت, چەند شەرمەزاریە بۆ دەسەڵاتێك کە دەبینێ هاوڵاتیانی ڕۆژانە بەوپەڕی نارزایەوەدەنگ هەڵدەبڕن و پێیاندەڵێن ولاّت بەدەربن هەندەران شایستەتانە, ئەوانیش بۆ خۆیان وەك ئەوەی نە بایان دیبێ و نەباران , کارلەسەر بەردەوامی پرۆسە ی گەندەڵی دەکەن و ,سەرتاپای ژیانی خەڵکیان کردۆتە مەهزەلەی سێستەمی دەسەڵاتدارێتی و بەردەوامن لە حکومەتکردن وفرە جەمسەری خراوەتە لاوە ، واتا دەکرێ بێژین لێرە لەم کۆمەڵگایە فرە جەمسەری ودەنگی خەڵك ونارەزایەتیەکانیان خراوەتە بەرمەترسی وهەڕەسەی لەنێو بردن وئاوەژوکردنەوەی ئەو فۆرمەی کە لەرابردوودا بەعس تەوزیفی کردبوو، چونکە گەر وانییە بۆدەبێ لە حکومەتێکی بەنا حکومەتی خەڵکدا مەسەلە هەستیار وپڕبایەخەکان بخرێنە دەرەوەی بازنەی کارکردنەوەو هیچ حیسابێکیش بۆ ئۆپۆزسیۆن بونی خەڵك ، حیساب بۆنەکردنیش لە شوێنگەیەکی ئاوا هەستیارو گرنگدا بۆ خۆی جارێکی ترمەترسییەو ناکرێ لەئاستیدا بێدەنگ بین.
پێچەوانە دەبێ لەئێستا بەدوا تەواوی دیدوتێرانینە جیاوازەکان ئاراستەی گووتاری فۆرمۆڵەکراوی خۆیان باشتر بکنە حکومەت و ڕێگە نەدەن چیتر یاری بە کەرامەتی تاکەکانی ئێمە بکرێ و تاکە مانایەکیش نەبێت بەئاراستەی کوشتنی هونەری سیاسەت کردن و حکومڕانی لەپێکهاتەی سێستەمی دەسەلاّتدا ، چونکە ئەوەی دەکرێ تەنها تەوزیف کردنی بێئاگایی دەسەلاّتەو هیچی تر. .